کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
6-5-2007 15:50بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## مەردان چاوشین.. نمونەی مەردایەتی!! ... نەگبەتێک لە کفری

ئەم قسانەی لێرەدا دەیانکەم، هیچ چەندوچوونێکی لەپشتەوە نییەو مەجبوری کەسیش نیم، بەس خۆشە ئەگەر ئینسان تۆزێك خاوەن ویژدان و مەوقیف بێت و دان بە ڕاستی و حەقیقەتەکانیشدا بنێت.. نە یەکێتیم و نە لە کوتلەکەی (مەردان چاوشین) ی سەر بە باڵی ریفۆرمم، بەڵام ئەوەی لە ماوەی ڕابردوودا لە بەرپرسی مەڵبەندی 26یەکێتی لە کفری تێبینیم کردووە و بەشبەحاڵیش لەمولەو دەیبیستمەوە، ئێستا ئەڵێم: خۆزیا سەد خۆزیا هەموو بەرپرسەکانی تریش وەك (مەدران چاوشین) پیاوێکی نیشتمانپەروەر و دڵ و دەروون ساف و متەوازیع بوونایە.. !!

ئەوەی لەم وڵاتەدا ژیابێ، باش سەرنجی ئەوەیداوە، کە بەرپرسەکان چەندێك فشەفش و بگرەوبەردە ئەکەن، کە ئەمەش بووەتە هۆکارێکی گەورەی گەندەڵێ، چونکە ئەو فشەکردن و خۆبادانە (کە بەشێوەیەکی گشتی، ئێستا لە جاران باشترە، بەڵام هێشتا لای هەندێك بەرپرس هەر ئەو مۆدێلە نەڕەویوەتەوە) وای لە بەرپرسەکان کردووە، کە دووربکەونەوە لە جەماوەر و تێکەڵی خەڵکی نەبن، ئەمەش هۆکاری ئەوەیە، کە دەسەڵات و جەماوەر پێوەندییان پێکەوە لاواز و سست و خراپە و ڕۆژ بە ڕۆژیش بێت وابزانم خراپتر دەبێت..

وەك وتم، بەرپرسەکەی مەڵبەندی کفری (تا ئێستا باشە، ئیتر نازانم بەهۆی دەوروبەرەکەیەوە سەری لێبشێوێ) کابرایەکی باش دیارە، چونکە من بە چاوی خۆم چەندین هەڵوێستی مەدەنییانە و دیموکراسییانەی جوانم لێبینیوە، کە بەڕاستی کەم کەس و کەم بەرپرس پێیدەکرێ، لەوانەش:

*لە کاتی تاقیکردنەوەکانی نیوەی ساڵی خوێندندا بوو، کاتێك خوێندکارانی یەکێك لە ئامادەییەکانی شار لە بەردەم دەرگای خوێندنگاکەیان وەستابوون، بەرپرسەکەی مەڵبەندی کفری بێئەوەی خۆی بە گەورەو شتی وا بزانێ، بە سەیارەکەیەوە وەستاو لایداوە لای خوێندکارەکان و تێکەڵیان بوو و تەوقەی لەگەڵ کردن وادیارە قسەیشی لەگەڵ کردبوون..

*ماوەیەك پێش ئێستا لەگەڵ ڕۆژنامەنووسانی شاری کفری دانیشت و زۆر بە شێوەیەکی جوان و بێئەوەی خۆی بە مەسئول و شتی وا بزانێ گفتوگۆ و دەمەتەقێ و تەنانەت نوکتە و گاڵتەشیان گۆڕیبوو و.. هتد..

*چەندین جار هەر بە خۆی و تاقی تەنیا، بێئەوەی حیمایە و پشتمێر و نازانم چی و چی لەگەڵ بێت، دێت و هاتۆتە ناو بازاڕی شار و زۆر ئاسایی دەسووڕێتەوەو و قسە لەگەڵ خەڵك دەکات و تەوقەیان لەگەڵ دەکا و لەم دوکان و ئەو دوکان لائەدا و..

*کاتێك دەچێتە ژوورەکەیەوە لە بینای مەڵبەند، زۆر بەتەوازشەوە لە پشتەوەی مێزەکەیەوە دێتە پیریتەوە، ئیتر هەر کێ و هەر کەس بێت..

*ئەوەی تێبینی دەکرێ لەو پیاوە، هەگیز مۆبایلی بە ڕووی کەسدا دانەخستووە و بە پێی تواناو زۆرتریش، وەڵامی هەموو کەس دەداتەوەو..

*لە بۆنە و یادەکاندا ئامادەیی هەیە و ڕووی لەگەڵ هەموو کەسێکدا خۆشەو..

*ئەمانەو چەندین هەڵوێستی جوانی دیکە، کە من لێرەوە داواکارم لەوپیاوە بەڕێزە، هەوڵبدا ئەگەر کورسییەکەشی لەدەستداوە لەو پێناوەدا، واز لەو جۆرە ڕەفتار و شێوازی مامەڵەکردنەی خۆی نەهێنێ، چونکە من دڵنیام ئێستا خەڵکانێك هەن لەو مەڵبەندەدا، کە دەوریانداوە، ئەسڵەن هەر سەر لە قنچکە پیازیش دەرناکەن و هەڕی لە برێ ناکەنەوە، ڕەنگە لە هەوڵی ئەوەدا بن لە ڕێگەی ئەو هەڵوێستە جوامێر و مەردانەیەوە درزێك بدۆزنەوە، بۆ ئەوەی جێگەی پێلەق بکەن.. بۆیە گرانە پیاوی وەك مەردان

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

چاوشین بتوانێ لەو نێوەندەدا هەڵبكات، بەڵام ئینسان واتا ویژدان و دڵ و دەروون و گۆشت و خوێن.. ئەگەر لەوەش بترازێ ئیتر هیچ مەعنایەك بۆ پیرۆزی و مەزنی مرۆڤ نامێنێتەوە..

مەردان چاوشین، كە نە خزمەە و نەدۆست و نە لە تەكەتوولەكەی منیشە، تەنانەت وەك وتم ئەو یەكێتییەو ڕەنگە من بێلایەنیش بم، پیاوێكە تا سەر ئێسقان سەلماندوویەتی كە ئەوچەند ساڵەی لە ئەوروپا ژیاوە، تەواو ڕەنگدانەوەی لەسەری بەجێهێشتووە و كاریگەریشی هەیە بەسەر ڕەفتار و گوفتارەكانییەوە، بەڵام مەرج ئەوەیە كە بتوانێ تا سەر درێژە بەو كاروانەی خۆی بدات و لە ژێر كاریگەریی خەڵكانی گەندەڵ و هیچ و پووچ و چڵكندا پاشگەز نەبێتەوەو بتوانێ كارێكی وابكات، بەو هەڵسوكەوتە مرۆڤانەیەی خۆی زیاتر سەرنجی دەوروبەرەكەی ڕابكێشێ..

ڕەنگە ئەوانەی ئەم بابەتە دەخوێننەوە، بڵێن، ئەمە دەستی مەردان خۆیەتی شتی وا دەنووسێ، یان بڵێن ئەمە ماستاوكردنە، ڕەنگە هی وایش هەبێت بڵێن: جا ئەوانە كەی ئازایەتییە تا بكرێتە بابەت و بڵاوبكرێتەوە، بەڵام با بپرسین: ئاخۆ ئەو پیاوە چ دەرەبەستە و مننەتی بە كێیە، تا ئەوەندە ئینسانییانە تەعامول بكات، خۆ ئەویش وەك ئەو دەیان و سەدان هەزار مەسئول و بەرپرسەی تر خاوەنی دەسەڵات و پارە و كەسایەتی خۆیەتی و هەوەسی بێت، مەرحەبای كەسیش ناكا، ئیتر بۆ دان بە حەقیقەتدا نەنێین.. !!

لێرەوە جارێكی تر ئەڵێم، خۆزگا یەكێتی لەم ناوچەیەدا (گەرمیان) چوار كادری پێشكەوتووی تری وەك مەردان چاوشین هەبووایە، یان هیچ نەبێ خۆزگا یەكێتی ئەوەندە تەكەتولەكەی زەق نەبووایە، بۆ ئەوەی بیتوانیبایە پیاوی وەك مەردان و نمونەكانی لە جێگەی بەرزتر و شیاوتر دابنایە.. ئەنجایش خۆزگا كاك مەردان ئەم جۆرە نووسینانە (ئەگەر خەڵكیتر دوای من شتیان لەسەر نووسی و ئاوا وەسپیان دایەوە) وای پێنەكا لە خۆی بایی ببێت و لەخۆی دەربچێ.. بە كورتی هەوڵبدات ئەو بەرنامەیەی ئێستا پێڕەوی لێدەكا، هەر بەردەوام بێت لەسەری.. دڵنیابێت سەركەوتووە.

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.